وتار

محەمەد حوسێن

# خوێندنەوە و مانا جیاوازەکانی تێکست



پرسیاری کردەی خوێندنەوە پرسیارێکی تەنگوچەڵەمە ئامێزە، تێگەیشتن لەم کردەیە و مانا و پێوەندییە وردەکانی ناکرێت دابڕاو بێت لە پێوەندییەکانی دەسەڵات خواست و پێداویستییە ژیانییەکانی دنیای هاوچەرخ

دوای رۆلان بارت و تیزی "مەرگی دانەر"، ئەو جۆرە خوێنەرە سەری هەڵدا کە لە پاش نووسەر و بەبێ گەڕانەوە بۆ نووسەر دەق وەردەگرێت، بێ ڕەچاوکردنی ئەوەی نووسەر دەخوازێت بیڵێت لەگەڵ دەقدا دەکەوێتە ئەو پرۆسە زیندووەوە کە پێی دەوترێت خوێندنەوە، هەر لێرەیشەوە بینینی دەق وەک بوونەوەرێکی زیندوو کە بەقەدەر ژمارەی خوێندنەوەکان دەشێت مانای جیاجیا ببەخشێت سەرەتایەکە بۆ هەموو خوێندنەوەیەکی وەبەرهێنەر و خەلاق و زیندوو. کەواتە تێگەیشتن بۆ دەق و ئەو ژیانەی لە دوای نووسەرەوە دەق درێژەی پێ دەدات وابەستەی خوێندنەوەکانە، مانا و ناوکرۆکی دەق، گوتار و پەیامی دەق، ئەوەی دەق ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەیڵێت، هەروا گرێدراوی ئەم پرۆسە ژیانبەخشەیە کە پێی دەوترێت خوێندنەوە. لە پێوەندیی نێوان کۆڵەکە سەرەکییەکانی ئەم هاوکێشەیەدا "نووسەر – تێکست – خوێنەر" خاڵی سەنتراڵ پرۆسەی خوێندنەوەیە، هەر ئەم پرۆسەیەشە زیندوویەتی و ژیان، مانا و فۆرم و ڕاڤە و تێگەیشتنی جیاجیا دەبەخشێتە دەق..

مانا نەریتی و باوەکانی چەمکی "خوێندنەوە"وەها پێناسەی خوێندنەوە دەکات کە "پرۆسەیەکی فکری و عەقڵییە و بەهۆیەوە خوێنەر کارلێک لەگەڵ دەقدا دەکات، بۆ ئەوەی لە سات و هەڵوێست و سیاقی جیاوازدا کەڵکی لێ وەربگرێت". بەڵام ئەم تێگەیشتنە میکانیکییە بۆ خوێندنەوە لە ئەمڕۆدا بەس نییە، چونکە پەرەسەندنە زانستییەکان ئەوەمان نیشان دەدات کە ئەم پرۆسە عەقڵییە هەستیارە "خوێندنەوە" شیکردنەوە و لێکدانەوەی هەموو ئەو سیمبولانە لەخۆ دەگرێت کە لە ڕێگەی چاوەوە وەری دەگرێت، لە هەمان کاتدا تێگەیشتن لەم سیمبولانە و پێکەوەبەستنی مانا و نیشانەکانی بەئەزموونە کەسییەکانی خوێنەرەوە دیوێکی تری پرۆسەکەیە.

ئاستە جیاجیاکانی خوێندنەوە کامەیە و چۆنە و گرفتەکانی چین؟ پێوەندی ئاڵوگۆڕکاری exchange نێوان خوێندنەوە و ئازادی خوێنەر و پاشخانە مەعریفییەکەی خوێنەر چۆنە؟ کامەیە ئەو تەنگوچەڵەمانەی problematic لەم پێوەندییانەدا هەیە، بابەتی زۆر گرینگن بۆ ناسینی ڕەهەندە جیاوازەکانی کردەی خوێندنەوە، بەڵام ئەم نووسینە کورتە ئەوەندەی رووخسارێکی گشتی کردەی خوێندنەوە گفتوگۆ دەکات، نایەوێت کار لەسەر هیچ کام لەم پرسیارە پێوەندیدارانەی نزیک لە بابەتەکە بکات، چونکە لە ڕۆشنبیریی کوردیدا ئێمە بایەخی جۆراوجۆر دەبینین بەرامبەر ئەو ئامرازانەی لە پرۆسەی خوێندنەوەدا پێویستن، کتێب، گۆڤار، ڕۆژنامە، ماڵپەڕی ئیلکترۆنی، کەناڵی بیستراو و بینراو، نمایشی هونەری جۆراوجۆر و...هتد، ئەم ئامرازانە لە هەموو ئاست و فۆرمێکیدا هاندەرن بۆ ئەوەی خوێنەر

راکێشنە ناو پرۆسەی خوێندنەوەوە، هەموو ئەو هەوڵانەیش لەم بوارانەدا رۆشنبیریی کوردی خستوویەتییەگەڕ تەنیا بۆ دەستەبەرکردنی ئەم ئامرازانە بووە لای مرۆڤی کورد تەنیا زۆرکردنی ژمارەی خوێنەران و فرۆشی تیراژەکان ئامانج بووە، نەک ئەوەی ئەم ئامرازانە چ جۆرە خوێنەرێک دروست دەکەن، یاخود ئەو خوێنەرەی کە دروستی دەکات، چۆن دەخوێنێتەوە؟. بەکورتی، هەموو هەوڵەکان بۆ ئەوە بووە کردەی خوێندنەوە دروست بکات، تام و چێژی خوێندنەوە لای تاکی کوردی گەلاڵە بکات، پێشانگاکانی کتێب، ئەو بەرنامە میدیاییانەی کار لەسەر خوێنەر و کتێب و بابەتە رووناکبیرییەکان دەکەن، ئەوەی دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە پێمان دەبەخشن، تێکڕا بۆ دروستکردنی خوێنەر بووە، بەڵام تا ئێستا کردەی خوێندنەوە و چۆنیەتی بەکاربردنی

consuming ئەو کاڵا مەعنەوی و رۆشنبیرییانەی دەزگا بڵاوکەرەوەکان، نووسەر و وەرگێڕەکان پێمان دەبەخشن نەبووەتە بابەتی گفتوگۆ.

هەموو دەقێک، بەدەر لەوەی کێ نووسیویەتی و چیمان پێ دەڵێت، پیرۆزە یان قەدەغەیە، سوکایەتی بەرەفتار و بەها پیرۆزەکانمان دەکات، یان داوای وابەستەگی و وەلائمان لێ دەکات، تەنیا لە ساتەوەختی خوێندنەوەیدا دەژی، لە دەرەوەی خوێندنەوەکان، پێش ئەو چرکەساتەی خوێنەر بڕیای تەماشاکردنی دەق دەدات، گەورەترین و پیرۆزترین و مەزنترین نووسراوەیەک جگە لە ئەرشیفێکی نووستووە کە لە چاوەڕوانی ئەو ژیانەدایە خوێنەر پێی دەبەخشێت، هیچی تر نییە.

هەڵبەتە لێرەدا پرسیاری چی بخوێنمەوە؟ یان دروستتر بڵێین، "پێویستە چی بخوێنمەوە؟، پرسیارێکی گرینگە و هەمیشە لە پێش کردەی خوێندنەوەدا ئامادەیە. پارادۆکسی ئەم پرسیارە ئەوەیە کە لە ساتی کردنیدا هەموومان هەست بەئازادییەک دەکەین، ئازادی لە "هەڵبژاردنی ئەوەی کە دەخوازم بیخوێنمەوە"، کە بێگومان تا رادەیەکی زۆر ئەمە وەهمی ئازادییە نەک ئەوەی بەڕاستی خیاری ئازادیمان لە بەردەستدا بێت، چونکە چەند ئێمە بڕیاری هەڵبژاردنی دەق دەدەین لە بەرامبەردا کارتێکەرەکانی دەرەوەی ئێمە دێن بۆ ئەوەی دەقی پێویست و دەقی نا پێویستمان بۆ دیاری بکەن، دەقی بەسوود و بێسود، حەرام و حەلاڵ بخەنە بەردەستمان. لە بڕیاری هەڵبژاردنی هەر دەقێکدا بۆ خوێندنەوە، تەواوی ئاستەکانی دەسەلاتی، سیاسی، کۆمەلایەتی، ئابووری، مەعریفی رۆڵی خۆیان دەگێڕن، بازاڕ و پێداویستییەکانی بازاڕ، نیگەرانی دەستکەوتنی هەلی کار و ئاسوودەیی ژیانی ئابووری، بەدەستهێنانی دەسەلاتی مەعریفی و فەرهەنگی بەشێکە لەو

پێکهێنەرانەی بڕیاری "چی بخوێنمەوە" مان لا گەڵاڵە دەکات.

هەڵبـــەتە بۆ لە دایکبـــوونی دەقـــیش دیســـانەوە هەر پێوەندییەکانی دەسەڵات و خواست و پێداویستییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان رۆڵی یەکلاکەرەوە دەگێڕن، خوێندنەوەی فکری میشال فۆکۆ یارمەتیدەرێکی باشە بۆ تێگەیشتن لەو پێوەندییانەی لە نێوان لە دایکبوونی زانستە مرۆڤایەتییەکان و دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا هەیە، ئەو پێمان دەڵێت کە چۆن سەرەتاکانی داهێنانی عەیادەی پزیشکی و شێتخانە و زانستەکانی دەروونزانی و کۆمەڵزانی و دیاریکردنی سنووری نێوان عەقڵ و شێتی، هەر لەم پێداویستییە دەسەڵاتگەرانەوە سەرچاوەی گرتووە.. لەم سەردەمەی خۆیشماندا بەئاشکرا بازاڕ و تەکنۆلۆژیای سەرمایەداری هاوچەرخە ئەوە دیاری دەکات مرۆڤ چی بخوێنێتەوە و لەسەر چی زانیاری پێویست بەدەست بهێنێت.. بۆ نموونە ئەو دەسەڵاتە ئابووری و مەعنەوییەی زانستی پزیشکی و ئەندازە لە کوردستاندا بەمرۆڤی دەبەخشێت وای کردووە پیشەی پزیشکی و ئەندازیاری زۆر خوازراوتر و گرینگتر و جدی تر تەماشا بکرێت لە پیشەی دەروونناسی، هەروەها زانستی پزیشکی و ئەندازەیش لە زانستی دەروونناسی باشتر و جدی تر تەماشا دەکرێت، کە بێگومان لە رووی پێداویستییەکانی ژیانی مرۆڤەوە دەروونناسی هیچی لە پزیشکی و ئەندازە کەمتر نییە، گەر پێویست تریش نەبێت، بەڵام ئەو دەسەڵاتە ئابووری و سیمبولییەی ئەمڕۆ کۆمەڵگەی کوردی دەیبەخشێتە پزیشکێک یان ئەندازیارێک، وای کردووە ئەو جیاوازییە بەرچاوە لە بینین و نرخاندنی مرۆڤی ئێمە بۆ ئەم زانستانە بێتە ئاراوە.

**"چاوەڕوانییەکانی پێش خوێندنەوە هەمیشە یان توشی شۆکی ناماقوڵییەکانی خۆی دەبێت ، یان رێگرە لە بەردەم خوێندەوەی داهێنەرانەدا"**

**"باشترین تێکست ئەو تێکستانەیە کە حەقیقەتە سەقامگیر و جێگیرەکانمان بریندار دەکات، نەک ئەوانەی سەرلەنوێ بڕوا و ئیمانمان دەمەزەرد دەکاتەوە ."**

بەڵام مەرج نییە لە هەموو کایەکاندا بڕیاری "چی بخوێنمەوە" هەروا مەحکوومی ئەم تۆڕە لە پێوەندی و دەسەڵات و پێداویستییە ژیانییەکان بێت، چونکە لە نێوان خوێندنەوەی دەقە هونەرییەکان و دەقە زانستی ومەعریفییەکاندا جیاوازی هەیە، بۆ نموونە هەڵبژاردنی شیعرێک بۆ خوێندنەوە، تابلۆیەک یان فیلمێکی سینەمایی بۆ تەماشاکردن، زیاتر لەژێر کاریگەریی ئەو پاڵنەرە خودییانەدایە کە پێوەندییان بەمەعریفە و چێژ و سەلیقەی خوێنەرەوە هەیە، ئەگەرچی لێرەیشدا بەرژەوەندی و سیاسەتی دەزگا بڵاوکەرەوەکان و کاپیتالیزمی چاپ ڕۆڵی بەرچاو دەگێڕن، بەڵام سروشتی دەقە هونەرییەکان و ئەو کەشوهەوا تایبەتییەیش لەگەڵ خوێنەر و وەرگردا دروستی دەکات، بەراورد بەکەش و هەوای کایە زانستی ومەعریفییەکان گونجاوترە بۆ ئەوەی خوێنەر ئازادییەکی زیاتری هەبێت لە هەڵبژاردنی دەقدا.

دیسانەوە دەگەڕێینەوە بۆ کردەی خوێندنەوە، تەماشاکردنی ئەو پێشمەرجە پێویستانەی دروستی و سەلامەتی ئەم کردە مەعریفییەمان بۆ مەیسەر دەکات. ڕێگری و ئاستەنگییەکانی بەردەم ئەم کردەیە چین و لە کوێدان، چارەسەری و خۆپارێزی لێیان چۆن دەبێت و لە کوێوە دەست پێ دەکات.

– خوێندنەوەی سەلیم بەبڕیار و حوکمی پێشوەختەوە ناکرێت: چاوەڕوانییەکانی پێش خوێندنەوە هەمیشە یان توشی شۆکی ناماقوڵییەکانی خۆی دەبێت، یان ڕێگرە لە بەردەم خوێندەوەی داهێنەرانەدا، بۆیە تەنیا لە ساتەوەختی خوێندنەوەدا دەشێت حوکم و پێشداوەری و مشتومڕمان لەگەڵ دەقدا هەبێت، نەک بەبڕیاری پێشوەختەوە.

– خوێندنەوە لەبەر ڕۆشنایی دەلاقەی چەمک و روبینا ئایدۆلۆژییەکان: خوێندنەوەیەکی گۆج و نەزۆک دەبێت، چونکە تێکست بەو جۆرە وەرناگیرێت کە پێوانە ئایدۆلۆژییەکانی ئێمە بۆ راستی و دروستی، سوود و زیان، باش و خراپ، جوانی و ناشیرینی هەیەتی. باشترین تێکست ئەو تێکستانەیە کە حەقیقەتە سەقامگیر و جێگیرەکانمان بریندار دەکات، نەک ئەوانەی سەرلەنوێ بڕوا و ئیمانمان دەمەزەرد دەکاتەوە.

– فڕێدانی هەموو روانگەیەکی موتڵەقخوازی: چونکە هیچ دەقێک "کتێب، شاشە، تابلۆ، فیلم نمایشە هونەرییەکان... هتد، توانای ئەوەی نییە راستییەکی کامڵمان پێ ببەخشێت، نەجوانی، نە راستی، نە ئەو داتا و ئینفۆرمەیشنەی کە ئەم ساڵ جێگەی کۆدەنگی هەموانە و دوو ساڵی تر دەشێت تەنیا وەک هەڵەیەکی ئەکادیمی لێی بڕوانرێت، بۆ ئەوە ناشێت بەکامڵی وەربگیرێت، قابیلی ئەوەیش نییە کامڵ و بێ کەموکوڕی بێت،

بەڵکو هەموو ئەو حەقیقەتانە کە توانای رازیکردنی "منی خوێنەری هەیە" تەنیا جۆرێکە لە و حەقیقەتەی "کە ئێمە" بەخوێندنەوەکانمان، بەهەوڵ و تێگەیشتنەکانمان، لە رێگەی دەزگای پێوەندیدار و ئامرازی گەیاندن و گفتوگۆ و مشتومڕی زیندووی ژیانی رۆژانەمانەوە دروستمان کردووە. کەواتە حەقیقەت ئەوەیە ئێمە دروستی دەکەین و دەیسەلمێنین، نەک ئەوەی شتێکی transcendentally باڵا و سەرووی مرۆڤ خۆی بێت.

– دەرچوون لە کارەکتەری وەرگرێکی پاسیڤ: کردەی خوێندنەوە هەر بۆ ئەوە نییە سەرسامیت بوروژێت بەرامبەر ئەو کەسەی دەقەکەی بەرهەم هێناوە "وەک ئەوەی ئەمڕۆ لە رۆشنبیریی کوردیدا بووەتە درمێکی روناکبیری"، هیچ نووسەر و هونەرمەند و داهێنەرێکی بلیمەت و بەتوانا چاوەڕێی ئەوە ناکات دەروێش و وەرگری کوێر و پاسیڤ بکەوێتە دوای، بەپێچەوانەوە، باشترین وەفا بۆ ئەو داهێنەرانەی کە سەرسامان دەکەن ئەوەیە توانای مشتومڕ و جیاوازی و بەرهەمهێنانی مانای جیاوازی دەقەکەیان لا دروست ببێت.

> کردەی خوێندنەوە هەر بۆ ئەوە نییە سەرسامیت بوروژێت بەرامبەر ئەو کەسەی دەقەکەی بەرهەم هێناوە "وەک ئەوەی ئەمڕۆ لە رۆشنبیریی کوردیدا بووەتە درمێکی روناکبیری

کەواتە پرسیاری "کردەی خوێندنەوە" لەتەک ئەو ئیشکالییەتانەی تێگەیشتن و دیدی خوێنەر بۆ ئەم کردەی هەیە، پرسیارێکی تەنگوچەڵەمە ئامێزە، تێگەیشتن لەم کردەیە و مانا و پێوەندییە وردەکانی ناکرێت دابڕاو بێت لە پێوەندییەکانی دەسەڵات، خواست و پێداویستییە ژیانییەکانی دنیای هاوچەرخ، ئەو پێشکەوتنە زانستی و مەعریفییانەی ئەمڕۆ لە ئاستی دنیادا بۆ ئەم پرۆسەیە هەیە.

muhemedhusen@yahoo.com